# تورکیا هاوڵاتیانی مەدەنی لە کۆبانێ و گوندەورای ڕۆژئاوای کوردستان بەردوومان دەکات



لە ئەنجامی بەردوومانکردنی ماڵ و ناوچە مەدەنییەکان لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیا، لە شارۆچکەی سەرینی باشووری کۆبانێ منداڵێک کوژرا و دووانی دیکەش برینداربوون، ئەوەش لە ئەنجامی بەردەوامی و چڕبوونی هێرشەکانی تورکیا بەسەر ڕۆژئاوای کوردستان کە 12 گوند و گردی دەوروبەری بەنداوی تەشرین و قەرەقوزاق و کۆبانێ دەکاتە ئامانج.

ئەمڕۆ سێشەممە 11ـی ئادار، ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی سوریای دیموکرات-هەسەدە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە سەبارەت بە هێرشەکانی سووپای تورکیا و میلیشیاکانی بەسەر بەنداوی تەشرین و قەرەقوزاق. هەسەدە ڕایگەیاندووە، دوێنێ دووشەممە تورکیا کۆمەڵکوژییەکی لە گوندی جەراف ئەنجامدا کە دەکەوێتە شارۆچکەی سەرین لە باشووری کۆبانێ، کە تیایدا فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان ماڵی هاوڵاتیانی گوندەکەی کردە ئامانج و منداڵێکی کوشت و دوو کەسی دیکەش برینداربوون.

ئەوەش لەکاتێکدا تورکیا و میلیشیاکانی لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا بەردەوامبوون لە تۆپبارانکردنی گوندەکانی ئەلتینە و جەعدە و پیرحەسە، غەسق، دەکان و مەلحە و ئەلسەنع، هەروەها گوندەکانی تەلتی و سەیفی و قەرەقوزاق بە تۆپ و هاون و تانک و مووشەک هاوێژ، ئەوەش زیانێکی گەورە بە ماڵ و موڵکی و

ژیانی گەورەی ماددس بە هاووڵاتیان گەیاندووە.

